


# قەدەغە کێشی ڕێگا وبانی گشتیی
## (محرمات الطرق العامة)

**ئەندازیار: تەیب جەبار**

مـن نـازانم چـەند راسـتم لـە وەرگێڕانـی زاراوەی (محرمـات ) بـۆ قەدەغـە کێشـی، هیـوادارم شـارەزایانی زمـانی کـوردی رایەکیان لەوبارەیەوە هەبێ.

قـانون کۆمـەڵێ بنەمایـە بـۆ ڕێکخسـتنی کـار وبـاری کۆمـەڵگا و سروشـت. واتـا ڕێکخستنی پەیوەندی نیوان مرۆڤ و کۆمـەڵ و دەوڵـەت، هـەروەها ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نیـوان مـرۆڤ و سروشـت، بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ ژیـان بـە خۆشـی و سـەلامەتی و ئاسـودەیی وتەندروست بەسـەر بـەرێ و لـە ژینگەیەکی پاکدا بژی.

ئـەمڕۆ رادەی پێشـکەوتنی گـەلانی جیهـان ( جگـە لـە پێشـکەوتنی بـواری پەروەردەیـی و کۆمەلایـەتی و زانسـتی.. ... هتـد ) بـەوە دەپێورێـت تـا چـەند ئەومیللەتانـە قانونەکـەیان پێشـکەوتووە و ئیلتیزامـی پێـوە دەکـەن. میللـەتی ئێمـە بـە هـۆی ئـەوەی خاوەنـی دەوڵەتی خۆی نـەبووە، کـەمتر ئیلتیزامـی بـە قانونـەوە کـردووە، چـونکە قـانون لـە لایـەن دەوڵـەتانی داگیرکـەرەوە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان دارێـژراوە، میللـەتی ئێمـە هەمیشـە بـە گومانـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ قانونـدا کـردووە، هـەروەها بـە هـۆی زەبـر و زەنگـی داگیرکەرانـەوە هەمیشـە لـە بـاری بەرەنگاربوونـەوەدا بـووە، ئەوەنـدە هۆشـیاری قـانونی لا دروسـت نـەبووە. ئێسـتاش لای زۆربـەی میللـەتی ئێمـە و بەرپرسـان، کـە باسـی قـانون دەکـەی یەکسـەر قانونەکانـی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نیـوان مـرۆڤ و کۆمـەڵ و دەوڵـەت بـە خەیاڵیـدا دێ، وەك قانونـی سـزادان و قـانونی بـاری کەسـێتی و... کـەمتر خـەیاڵی بـە لای قانونەکانـی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نیـوان مـرۆڤ و سروشتدا دەچێت.

لـە عێراقـدا قانونێـك هەیـە بـە نـاوی قـانونی ڕێگـا وبـانی گشـتی ( قـانون الطـرق العامـة ) ئـەم قانونـە لـە وڵاتـانی تریـش هەیـە، بێگومـان عێـراق سـودی لـە قـانونی وڵاتـانی تـر وەرگرتـووە بـۆ دارشـتنی قانونەکەی خۆی. ئـەم قانونـە لـە وڵاتـانی پێشـکەوتوو زۆر بایـەخی پـێ ئـەدرێت، چـونکە پەیوەنـدی راسـتە وخـۆی بـە ژیـانی مرۆڤەوە هەیـە، ئـەم قانونـە پەیوەنـدی نیـوان ڕێـك ئـەخات، دەسـتکاری کردنـی سروشـت شـتێکی هـەروا ئاسـان نییـە، ئەگـەر بـە شـێوەیەکی ڕێـك و پێـك و بـە پێـی قانونێـك نـەبێت، و هەرکەسـە و بەکـەیفی خـۆی و بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی دەسـتکاری سروشـت بکـات، پاشـا گـەردانی دروسـت ئـەبێ و سروشـت تێـك ئـەدرێت، واتـا ژینگـە تێـك ئەچـێت، کـە ژینگـە تێکچـوو مـرۆڤ تەندروست نابێت و بە خۆشی ناژێت.

مـەرج نییـە هـەموو قانونێـك کـە رژێمـی بـەعس و حکومەتـەکانی پێشـووی عێـراق دەریـان کـرد بێـت، قـانونی خـراپ بـن و لـە بەرژەوەنـدی خەڵکـدا نـەبێت، بـەڵام خراپـی لەوەدا بوو کە جێ بـەجێیان نەئەکرد، نـەك هـەر لـە عێـراق بـەڵکو لـەو وڵاتانـەش کـە حوکمـی دیکتاتۆری تیایـە، زۆر قـانونی چـاك دەرئـەکرێت بـەڵام جـێ بـەجێ ناکرێـت. قـانونی ڕێگـا وبـانی گشـتیی یەکێکـە لـەو قانونـە باشـانەی لـە لایـەن حکومەتـی بەغداوە دەرکراوە، بەڵام زۆر بـە کـەمی جێ بەجێ کراوە و بە تایبەت لـە کوردسـتاندا بـە هـۆی بـاری نائاساییەوە هیـچ بایـەخیان پـێ نەئەدا، ئەم قانونـە لـە (٧) حـەوت فەسـڵ و (٢٤) مـاددە پێـك هـاتووە، فەسـڵی (٤) کـە مـادەی (٧،٨) ئەگرێتـە خـۆی بـۆ قەدەغەکێشـی ڕێگاوبـانی گشـتی تـەرخان کـراوە. ( قەدەغـە کێشـی واتـا قەدەغـە کردنـی روبـەرێك لەمبـەر و ئەوبـەری ڕێگاکـە، بـە پانییـەکی دیاریکراوی هاوتـەریب بـە سـەنتەرەکە بـۆ هـەر ڕێگایـەك بـۆ ئـەوەی هیـچ کـەس و دەزگایـەك هیـچ پرۆژەیەکی تیا ئەنجام نـەدا لەبـەر سـەلامەتی و پاراستنی ڕێگاکـە و ئەگـەری فراوان بـوون و گۆڕانکـاری لـە دوا رۆژدا، پـرۆژەی وەك "ئـاودێری - کشـت وکـاڵی - چـایخانە ودوکـان - کارگـە- بەنزینخانـە - هێڵـی تەلـەفۆن - هێڵـی کارەبـا - درەخـت - بـاخ.. ...هتـد ). لـە مـاددەی (٧) بڕگـەی (١)دا هاتووە و دەڵێ: دەزگـای ڕێگـا وبـانی گشـتی بـۆی هەیـە بـە بـەیانێك و لـە ڕۆژنامـەی رەسمیدا بـڵاوی بکاتـەوە، قەدەغـە کێشـی ڕێگـاو بـانی گشـتی ( سـریع و سـەرەکی وناسـەرەکی و ڕێگـای لادێ ) دیـاری بکـات، جگـە لـەو بەشـانەی دەکەونـە سنوری نەخشەی بنەڕەتی شارەکان.

ئەوەی من لە بیرم بێ لـە هەشتاکاندا کـە لـە بەڕێوەبـەرێتی ڕێگـا و بـانی سـلێمانی عێـراق بـۆ دیـاری کردنـی قەدەغـە کێشـی ڕێگا وبانی گشتیی بەم شێوەیە بوو :

ڕێگـای دوو سـایدی نێـوان دوو پارێزگـا (١٥٠م) بـوو، واتـا لـە ناوەڕاسـتی جەزرەکەوە (٧٥م) بۆ هەر لایەك.

ڕێگـای یـەك سـایدی نێـوان دوو پارێزگـا(١٠٠م) بـوو، واتـا لـە ناوەڕاسـتی قیرەکەوە (٥٠م) بۆ هەر لایەك.

ڕێگای یەك سایدی نیوان پارێزگـا و قـەزا (٥٠م) بـوو، واتـا لـە ناوەڕاسـتی قیرەکـەوە (٢٥م) بۆ هەر لایەك.

ڕێگای یەك سایدی نیوان قـەزا و ناحیـە (٣٠م) بـوو، واتـا لـە ناوەڕاسـتی قیرەکـەوە (١٥م) بۆ هەر لایەك.

ڕێگای یەك سایدی نیوان ناحیـە ولادێ هـەر (٣٠م) بـوو، واتـا لـە ناوەڕاسـتی قیرەکەوە (١٥م) بۆ هەر لایەك.

هـەروەها لـە مـاددەی (٨) بڕگـەی (١٠) هـاتبوو : دروسـت کردنـی هـەر کارگـە و کارخانەیەك کە ببێتـە هـۆی دروسـت کردنـی مەترسـی و هەراسـان کـردن و کـارکردن لـە ژینگـەی ڕێگاکـە و بەکارهێنـەرانی ڕێگاکـە بە هۆی دووکـەڵ و هـەڵم و غـازات و تـەپ و تـۆز و بۆنـی پیـس، پێویسـتە (١کـم) لـە سـەنتەری ڕێگـای سـەرەکی و شـوێنی نیشـتەجێبوونی خـەڵك ( التجمعـات السکانیە ) دوور بێت.

ئـەم قانونـە لـە ساڵی (٢٠٠٢)دا هـەموار کـراوە و مـن نـازانم ئـەو بەیانـە تـازەی دەزگـای ڕێگـا وبـانی گشـتی عێـراق دەری کـردووە چـۆنە و دیـاری کردنـی قەدەغـە کێشی چۆن کردووە، بێگومـان بە رای مـن هەر نزیکە لـەو خالانـەی سـەرەوە، بـەڵام لـە مـاددەی (٨) بڕگـەی (١٠) هـاتووە. ئـەو کارگە و کارخانە زیان بەخشـانەی بـە ژینگـە و سـەلامەتی خـەڵك تـازە دروسـت دەکـرێن، پێویسـتە لـە سـنوری قەدەغەکێشـێکەوە (٥٠٠م) دوور بێـت واتـا (٥٧٥م) لـە سـەنتەری ڕێگـای سـەرەکی دوو سـایدەوە دوور بێت.

هەمووومان ئـەزانین ڕژێمـی بـەعس ئەوەنـدە ئیعتیبـاری بـۆ قـانون دانەئـەنا، بـە تایبـەت لـە کوردسـتاندا ( کـە هەمیشـە لـە بـاری نائاسایدا بوو ).

بـەڵام لـە عەرەبسـتانی عێـراق و ئـەو شـوێنانەی کوردسـتان کـە دەسـەڵاتی بەسـەردا زاڵ بـوو، هەنـدێ لـەو قانونانـەی جێبـەجێی نەئـەکرد، بـۆ نمونـە کێڵگـەی دەواجنی دوز (٤-٥)کم لـە ڕێگـای سـەرەکی (کـەرکوك / دوز)ەوە دوورە، بـەڵام کێڵگـەی دەواجـنی سـلێمانی (کەنەکـەوە )،(١٠٠-١٥٠)م لـە ڕێگـای سـەرەکی ( سـلێمانی /کـەرکوك) ەوە دوورە و نزیـك دیهاتەکانـی دەور و بـەرێتی. راسـتە رژێمـی بـەعس لـە کوردسـتاندا بایـەخی بـەم قانونـە نەئـەدا، تەماشـاکەن( کارگـەی گەچـی بازیـان)، ( کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە )، ( کارگـەی ئەسـفەلتی کەڵـەوانان )، (کارگـەی ئەسـفەلتی تاسـڵوجە ) هـەمووی نزیـك ڕێگـای سـەرەکی و شـوێنی نیشـتەجێبوونی خـەڵکن، تەنانـەت لـەو دەشـتە پـان و بەرینـەی( لـەیلان) دا( کارگـەی چیمەنتۆ و کاشی لەیلان )ی لە سەر ڕێگـای سـەرەکی و لـە نێـوان سـێ لادێـی کوردنشـیندا دروست کـرد، بـۆ ئـەوەی دەریانپـەڕێنی و تـەرحیلیان بکـات و بیـانڕوخێنێ، هـەر واشـی کـرد. ئێسـتا ئێمـە مـاوەی (١٤) ساڵە حکومڕانـی خۆمـانین، ئـەوەی بـەعس دروسـتی کـردووە قەیناکـە، بـەڵام پێویسـتە بەرپرسـانی ئێمـە ئـەو قانونانـە زینـدوو بکەنـەوە و رەچـاوی بکـەن، بـۆ ئـەوەی مرۆڤـی کـورد تەندروسـت وسـەلامەت بـێ و بـە خۆشـی و ئاسـودەیی بژێ. بۆ نمونە (کارگـەی ئەسفەلتی تاسڵوجە ) کـە لـە سـەر ڕێگـای سـەرەکییە و نزیـك شارۆچکەی تاسـڵوجەیە لـە دوای راپەڕینـەوە چـەند سـاڵ بـوو لـە کـار کـەوتبوو، یـەك دوو ساڵێکە ئیشی پێدەکەن بەرپرسـانی ئێمـە لـە جیاتی ئەوەی هەوڵ بـدەن ئـەو کارگەیـە دوور خەنەوە بـۆ شـوێنی شـیاوی خـۆی، ڕێگەیانـدا بـە تەنیشـتیەوە بـە دانـانی کارگەیەکـی ئەسفەلتی تـر و کەسـارەیەك و خەباتەیەکـی مەرکەزی، واتا قوڕەکەیان خەسـت تـر کـرد و ژینگـەی هاولاتیـانی ئـەو دەور وبـەرەیان پیس تر کـرد، و سـەلامەتی خـەڵکی کەوتـە مەترسییەوە.

نمونەیـەکی تـری ئـەو سەرپێچـی و کەمـی هۆشـیاری قانونییـە لای بەرپرسـانی ئێمـە، بایـەخ نـەدانیان بـە ژیـانی هـاولاتی و پاراسـتنی ژینگـەی کوردسـتان، دانـانی ئـەو دوو کارگـە خشـتەیە لـە سـەر ڕێگـای سـەرەکی نیـوان (تەکیـەی دەربەنـد و چەمچـەماڵ )، هـەردوو کارگەکـە سـاڵ کـەمترە دەسـت بـە دروسـت کردنیـان کـراوە، کارگـەی یەکـەمیان کـە لـە تەکیـەوە بـەرەو تەکیـەوە دوورە و دەکەوێتـە دەسـتە چـەپی ڕێگاکـە (وەك لـە وێنـەی ژمـار "١" دیـارە )، کارگـەی دوهـەمیان لـە دەسـتە راسـتی ڕێگاکەیـە (وەك لـە وێنـەی ژمـار "٢" دیـارە ) و (٣کـم) پێـش چەمچـەماڵە. کارگـەی یەکـەم لـە شـوێنێکدا دروسـت کـراوە ڕێگاکـە لـە حاڵـەتی بـڕین دایـە نزیکـەی (٦-٧)م خۆڵەکـە بـڕاوە و ڕێگاکـە دروست کـراوە، واتـا لێـژایی قـەراخ بـەرزە و خۆڵەکـەی بـە قـولی (١٥٠م) زیـاتر و بـە بـەرزی (٦م) لـە ئاسـتی رووی قیرەکـەوە بـڕاوە و کارگەکـەی تیـا دروسـت کـراوە، لێژایی قـەراخ بەشـێکە لـە میعمـاری ڕێگـا وبـان نەدەبوایە بەرپرسـانی ئێمـە ڕێگـەیان بدایـە ئـەو کارگەیـە لـەو شـوێنەدا دروسـت بکرێت چونکە میعماری ڕێگاکـەی تێکـداوە و ڕێگاکە لە حاڵەتی قەوسی عـەمودی دایـە ( Crest Vertical Curve)، کارگەکـە (٧٥م) لـە سـەنتەری جـەزرەی ڕێگاکـەوە دوورە، کـە بـە سـەیارە لـە سلێمانیەوە بچـی بـۆ کـەرکوك یـان بـە پێچـەوانەوە،کارگەکە نـابینی تـا نەگـەیتە بـەردەمی، کارگـەی دووەم لـە شـوێنێکدا دروسـت کـراوە، لـە پـاڵ گردێکدایـە و شـوێنەکەی چـاڵەو کـە لـە سلێمانییەوە بڕۆی بـۆ کـەرکوك نـابینی تـا نەگەیتـە بـەردەم کارگەکـە، بـەڵام لـە کەرکوکـەوە بچـی بـۆ سـلێمانی کارگەکـە دیـارە و (٧٥م) لـە سـەنتەری ڕێگاکـەوە

نەشارەزایی بەرپرسانی ئێمەوە لـە بڕگەکانـی قانونی ڕێگا و بـانی گشـتی، تـەنها رەچـاوی بڕگـەی قەدەغەکێشـییەکەیان کـردووە کـە دەبـوا بـە پێـی بڕگـەی (١٠)ی مـاددەی (٨) کارگـەکان لـە دووری بـەلانی کـەم (٥٧٥م) یـاخود (١٠٠٠م) لـە سـەنتەری ڕێگاکـەوە دووربونایـە بـۆ ئـەوەی دووکـەڵی کارگەکـە ژینگـەی ڕێگاکـە پیـس نـەکات و مـەودای بینـین روون بێـت و هـەروەها مەفرەقـی ڕێگاکـە لـە شـوێنێکی کـراوەدا بوایـە کـە راسـت و چـەپی ڕێگـا سـەرەکییەکە دیـار بوایە و مـەفرەقێکی ئەندازەییان بـۆ بکرێ و حیسـاباتی ئـاوی جوگـەی تەنیشـت و جەزرەی ناوەڕاست و پەڕینـەوە و لادانـی بـۆ بکرێت بـۆ ئـەوەی رووداوی هـات و چـۆ روو نەدات، چونکە ئەو کارگانە کە کەوتنـە کـار رۆژانـە چـەندین گەلابـە یـان تراکتـۆر خۆڵیـان بۆ دەهێنێت و خشتیان لێ بار ئەکات.

ئێسـتا ئـەو تـەجاوزە قانونییـە لەمبـەر و ئەوبـەری زۆربـەی ڕێگاکـانی دەر شـاردا دیارە،چی هی کۆن و چی هـی تـازە، ئەگـەر وا بـڕوات لـە مـاوەی چـەند ساڵێکدا ئەمبـەر و ئەوبـەری ڕێگاکـانی دەر شـار دەبنـە ناوچـەی پیشەسـازی. تـو خـوا خەڵکینـە سـەیری وێنـەی ژمـارە (١ ) و ژمـارە (٢) بکـەن، کـە دیمـەنێکی تـەقریبی هـەردوو کارگەکەیـە، ئەگـەر قـانونیش نـەبێ بـە ویـژدانتان ئـەوە جێگـای کارگەیـە ؟؟؟ یـان



وێنەی (1) کارگەی خشت نزیک تەکیە
وێنەی (2) کارگەی خشت نزیک چەمچەماڵ